


# قەیرانی وەرگێڕان

ئازاد حەمە شەریف



شتێکی لە کەس شاراوە نییە کە هەر لە دوای ڕاپەڕینەوە کتێب و نامیلکە و بابەت بە لێشاو لە زمانانی ترەوە وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی و دانە دانەش کتێب و بابەت لە زمانی کوردییەوە وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی و ئینگلیزی. ئەم دیاردەیە لەلای هەندێ کەسی ساویلکە بە پێشکەوتن دادەنرێت و ڕەنگیشە کەسانی وا هەبن دەستخۆشی لەوانە بکەن کە قۆڵی خۆیان هەڵماڵیوە و بە ڕاست و چەپ شەنەبای وەرگێڕان دەکەن.

بەڵام ئەگەر بەوردی لەو مەسەلەیە بڕوانین و بەدواداچوونێکی زانستییانە بۆ ئەو هەموو لێشاوەی وەرگێڕان بکەین، ئەوە ئەو دیاردەیە بەهیچ شێوەیەک مایەی دڵخۆشی نییە، چونکە زۆربەی ئەو کتێب و نامیلکانەی دەکرێنە کوردی هەر شتێک بن وەرگێڕان نین، بەڵکو بریتین لە شێواندنی ئەو دەقانەی کە وەرگێڕدراون. جا ئەگەر سەرلەنوێ وەریانبگێڕینەوە سەر ئەو زمانەی کە بابەتەکەی پێ نووسراوە، ئەوە نووسەری بابەتەکان بەرهەمەکانی خۆیان هەرناشناسنەوە.

هەڵبەتە ئەم شێواندنەش بەئەنقەست نییە، بەڵکو لە ئەنجامی ئەوەوە ڕوودەدات کە زۆربەی وەرگێڕانەکان لە زمانی دووەم، یان سێیەمەوە، جاریش وایە چوارەم و پێنجەمەوە کراون. ئەمەش بێ گومان دەقەکان زۆر لە مەبەست و ستایلی نووسەرەکان دوور دەخاتەوە و وا دەکات ئەو دەقانە تەنیا بەوەی ناوی نووسەرەکانیان لەسەرە بزانرێن هی کێن، ئەگینا هیچیان لەو دەقانە ناچن کە نووسەرەکان نووسیویانن.

بەم دواییانە لێشاوی وەرگێڕان لە فارسی و عەرەبییەوە دەستی پێکردووە و برادەرانی وا هەن کە تەنیا سەرەواوێک لەم دوو زمانە دەزانن خەریکە دەبنە پاڵەوانی ئەو مەیدانە. خاوەن کتێبخانەی واش هەن کتێب بەڕادان دەدەن و داوا لە برادەرێکی فارسی، یان عەرەبی زان دەکەن کتێبێکیان بە پارە بۆ وەربگێڕێت و دواتر بەناوی خۆیان بڵاوی دەکەنەوە. ئەم پەتایە هەر مەپرسە چەند ترسناکە و چۆن پەڕیوەتەوە ناو بواری فەرهەنگدانانیش. هەندێک بەناو فەرهەنگدانەریش هەن هەر لە عەرەبییەوە وەردەگێڕن و دەشڵێن گوایە ئینگلیزی دەزانن و لە ئینگلیزییەوە وەردەگێڕن.

هەر بۆ پێکەنین دەڵێم یەکێک لەوانەی کە خۆی بە سەرچاوەی زانین و زانیاری زمانەوانی و مێژوو دەزانێت و هەمیشە شانازی بە نازناوە زانکۆییەکەوە دەکات و گوایە ٢٥ کتێبی هەیە و دەیان هەزار دانە لە فەرهەنگەکەی چاپکراوە، ڕووەکی (قرة العین) کە بە کوردی (تەڕەتوولە)یە بە (خوڕەی ئاو) وەرگێڕاوە و (برج السرطان) کە بە کوردی (کەلووی قرژاڵ)ە بە (بورجی شێرپەنجە) وەرگێڕاوە و (الشحرور) کە جۆرە باڵندەیەکی ڕەشە لەلای ئەو بۆتە (مێشوولە) و (السرة) واتە (ناوک) لەلای ئەو بۆتە (چاڵێکی بچووک لە ناوەڕاستی گەدە)!!! بەناو فەرهەنگدانەرێکی تر (بیت الشعر) واتە (ڕەشماڵ)ی بە (بەیتی هۆنراوە) وەرگێڕاوە و (الثری) واتە (خۆڵەپۆت، خۆڵەپۆک)ی بە (زەنگین و دەوڵەمەند) وەرگێڕاوە!! یەکێکی تریان کە تائێستا خۆی بە سەردەستەی وەرگێڕە پڕ بەرهەمەکان دادەنێت (غلاطة سراي) کە ناوی شوێنێکە لە ئەستەمبۆڵ و ناوی تیپێکی تۆپی پێی ئەوێیە بە (هەڵەی سەرای) وەرگێڕاوە!! یەکێکی تریان (یحلق في السماء) واتە (لە ئاسمان دەخولێتەوە)ی کردووە بە (لە ئاسمان تراش دەکات)!! بەم دواییەش برادەرێک لە وەرگێڕانی کتێبێکی دێل کارنیگی ناوی ڕۆمانی (انا کارنینا)ی تۆلستۆی کردووە بە (منم کارنینا) و نەیزانیوە (انا) ناوی کەسێکە و ڕۆمانەکە بەناوی ئەو کەسەیە و بەهیچ جۆرێک ئەو ناوونیشانە نابێتە (منم)!! ساڵانی زووش برادەرێک لەو هەولێرە (حمام) واتە (گەرماو)ی بە ئینگلیزییەکەی کردبووە (Dove) واتە (کۆتر) منیش هەر بۆ گاڵتە بە وەرگێڕەکەم گوت برام ئەرێ لەو گەرماوەدا تەنیا کۆتر سەری دەشوات؟! بەم دواییەش برادەرێکی گەنج کە هەمووی دوو سێ ساڵە کۆلێژی تەواو کردووە و چوار کتێبی قەبارە گەورەی وەرگێڕاوە، دەستەواژەی (?What art thou)ی لە شانۆییەکی شێکسپیردا بە (تۆ چ هونەرێکی؟) وەرگێڕابوو کە لە کوردیدا دەبێتە (تۆ چیت؟)!!

بە ڕاستی ئەم جۆرە هەڵانە مایەی پێکەنین و خۆشین و ئاستی نزمی تێگەیشتنی ئەو بەناو وەرگێڕ و فەرهەنگدانەرانە پیشان دەدەن، بەڵام من بە هیچ جۆرێک گلەیی لەم جۆرە کەسانە ناکەم، بەڵکو گلەیی لەو دامودەزگایانە دەکەم کە ڕێگا دەدەن کتێب و فەرهەنگی وا بەرباد بەبێ پێداچوونەوە لەلایەن کەسانی شارەزاوە چاپ بکرێن. هەڵبەتە کاری پێداچوونەوە بە هیچ جۆرێک لە بەهای هیچ بەرهەمێک کەم ناکاتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە زۆر لە بەهای وەرگێڕانەکە زیاد دەکات.

جا وەکو ئەرکێکی بە پەلە و گرینگ پێویستە دەزگای وەرگێڕان و خانەی وەرگێڕان و دەزگای سەردەم و دەزگای ئاراس و وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕێگا نەدەن هیچ کتێبێک، یان نامیلکەیەک لە چاپ بدرێت بەبێ ئەوەی کەسێکی شارەزا و زمانزان هەڵیان بسەنگێنێت و ئەگەر پێویستیشی بە پێداچوونەوە هەبوو با پێداچۆڕەوەشی بۆ دابنرێت. ئەگینا وا کار بڕوات ئێمە بە لێشاو کتێب و فەرهەنگی سەقەت بەچاپ دەگەیەنین و ئەمەش زیانێکی یەکجار مەزن بە ئاستی باوەڕپێکراوی دامودەزگا ڕۆشنبیرییەکانمان و نەوەی دواڕۆژ و خوێنەرانیشمان دەگەیەنێت.